ئەمڕۆ یادی دامەزراندنی شاری سلەمانی بەوەدەچێت



ئەمڕۆ چوارشەممە 11ـی تشرینی دووەمی 2024، یادی دامەزراندنی شاری سلەمانی لەلایەن میرنشینی بابان، ئیبراهیم پاشای بابان.

ئەمڕۆ سلەمانی تەمەنی بووە 240 ساڵ، ئەو شارەی لە سەرەتای دروستکردنییەوە شارکی خاوەن بەیار و بیرکردنەوەی خۆی بووە، سلەمانی یەکێکە لە پارەزگاکانی هەرێمی کوردستان و دەکەوێتە باشووری کوردستانی گەورە، مێژووی دامەزراندنی دگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مەحمود پاشای بابان، کە لە ساڵی 1781دا پلانی ئەوەی هەبوو ناوەندی بەڕێوەبردنی سیاسی لە قەڵاچوالانەوە بگوازێتەوە بۆ شوێنکی دیکە، دواتر لە ساڵی 1784ی زایینی ئیبراهیم پاشای بابان سلەمانی دامەزراند.